

بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بە ناوی گەلەوە

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ژمارەی بڕیار: ١٠

ڕۆژی بڕیار: ١٠/١٠/٢٠٠١

وێنەیەکی تەرجەمەکراوی دەقە عەرەبییەکەیە

**«بڕیار»**

پشت بە حوکمەکانی برگە (١) لەماددەی(٥٦)وماددەی (٥٣)لە یاسای ژمارە(١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢و لەسەر داواکردنی ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی ژمارە(٦) ڕۆژی ١٠/ ١٠/٢٠٠١ دا بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا:

یەکەم:دەسەڵات بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەدرێت بڕیاری لێبوردنی تایبەت (عفو خاص) بۆ حوکمدراوانی ئەو دەعوایانە دەربکات کە لە نێوان لایەنەکانیدا ئاشتبوونەوە وپێکهاتن دێتەدی. بەدەری ئەم تاوانانە:

١ـ بێ هۆش کەرەکان(مخدرات).

٢ـ سیخوڕی.

٣ـ کوشتنی هاوڵ بە دزی.

٤ـ اختلاس ودزی کردن لە پارەوپولی دەوڵەت.

٥ـ بەرتیل .

٦ـ دەست درێژی کردن (اغتصاب)

٧ـ نێربازی(لواطە).

٨ـ داوێن پیسی (الزنا) بە مەحرەم.

٩ـ دەست درێژی کردن بەسەر فەرمانبەر وئەو کەسانەی کەبەکاری خزمەتگوزاری گشتی هەڵدەستن لەکاتی بەئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانیان یا خود بەهۆیەوە.

١٠ـ کوشتنی ئەو بیانیانەی کە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا کار دەکەن.

١١ـ تاوانەکانی تیرۆر.

دووەم: ئەم بڕیارە کاری پێ دەکرێت تاوەکو تەواو کردنی قۆناغی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆکی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد.

سێیەم: لە یەکجار زیاتر حوکمدراوەکان ناتوانن سوود لەم بڕیاری لێبوردنی تایبەتە وەرگرن.

چوارەم: پێویستە وەزیرە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە بخەنە بەرکار.

پێنجەم: هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت، ناخرێتە بەرکار.

شەشەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی لە(وەقایعی کوردستان)دا، دەخرێتە بەرکار.

د.ڕۆژ نوری شاوەیس

سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق